# رۆشنبیرانی کورد یەك گرن

کوردستانی رۆژهەلأت ـ ئارتیکا کوردی

artika_kurdi@yahoo.com

لە دوا هەنگاوەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، کاتێ دادگەی فەرەنسە، ئالفێرد دریفوس ـ ی جولەکەی لە دیسەمبەری ١٨٩٤دا، بە تاوانی خەیانەت بە ئەرتەش مەحکووم کرد، پاش پەیدا بوونی هەندێك بەڵگە کە تەئکیدیان لە سەر بێتاوانی ناوبراو دەکرد، ئێمیل زۆلا ـ رۆماننوسی فەرەنسەیی نامەیەکی ئاوەلأی بۆ سەرۆك کۆماری فەرەنسە نووسی. «ئەمن تاوانبار دەکەم» پاش بلأو بوونەوەی دەنگی نارەزایەتی زۆلا، نزیکەی ٣٠٠ کەس لە فەرەنسە کە مارسێل پرۆست و ئاناتۆل فرانس ـ یشی تێدا بوو، نارەزایەتی نامەیەکیان وەشاند، دواتر بە بلأو کراوەی رۆشنبیران ناوزەد کرا بەم شێوەیە «رۆشنبیر intellectual» قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی ئەورووپادا دەست پێکرد.

رەخنەی قەلأم لە شمشێر لە ناوەرۆکی کاری زۆلا و ٣٠٠ کەس-ەکە بوو. ئەوان کارێکیان ئەنجام دا کە بەرژەوەندی کەسانیتری دابین دەکرد و....

هەرچەند ژاك لۆگۆف لە سەر ئەو باوەرەیە زێدی رۆشنبیران شار و زانکۆکانی ئەورووپای سەدەی دوازدەهەمە، وا هەندێك خوێندەواری شاری بیریان لە خولقاندنی مرۆڤیتر ئەکردەوە.

بەلأم دەرکەوتن ـ ی رۆشنبیر و هاتنە ناو ئەدەبی سیاسی، فیکری ئەورووپا بۆ سەدەی نۆزدەهەم ئەگەرێتەوە.

لە هەر حالڵدا رۆشنبیر بەرهەمی شارستانیەت و ئاوەز باوەری و ئۆمانیزم و مەملەکەتی بریا و حەزی رۆشنبیر زەوینە نەك ئاسمان و وەحی.

لە یەکەم نیگادا، رەخنەگری وەك خەسلەتێکی جەوهەری رۆشنبیر دەبیندرێ. رۆشنبیر بە هۆی بەرفراوانی چالاکییەکان و شێوەی خەبات، لە چەند روانگەوە پێناسە کراوە، گەرچی هێشتا مانایەکی تەواویان بۆ دانەناوە.

لەم وتارەدا ئاماژە بە روانگەی چەند فەیلەسووف و بیرمەند ئەکەم:

***ئاناتۆل فرانس***: «رۆشنبیران گروپێك لە زانایانی کۆمەلڵگان وا دەر لە ئەرکە سپاردەیی و حیرفەییەکانیان لە کار و بارێکدا، دەخالەت دەکەن، کە قازانجی گشتی تێدایە».

***ئیدوارد سەعید***: «رۆشنبیر نوێنەری ئاگایی کۆمەلڵگایە.»

*ماکس ڤێبێر*: «ڕۆشنبیران گروپێکن کە بە هۆی تایبەتمەندییەکانیەوە، دەستیان بە دەسکەوتگەلێکی تایبەت/ ویژە ڕادەگات کە بە بایەخە کەلتوورییەکان ناوزەد دەکرێن و بەم بۆنەوە ڕێبەرایەتی کۆمەڵگایەکی کەلتووری مۆنۆپۆل دەکەن».

*جولین بێندا*: «ڕۆشنبیران گروپێکن بچووك لە فەیلەسووف ـ پاشاکان، کە بە هۆی توانایی و ئیمتیازی ئەخلاقی باشتر، چاکترەوە، بە ویژدانی مرۆڤایەتی دەناسرێن».

*ئانتۆنیوگرامشی*: «مرۆڤ تێکڕا ڕۆشنبیران، بەڵام هەموویان لە کۆمەڵگادا- ڕەوڵی ڕۆشنبیر ناگێڕن».

*پیسارۆف*: «ڕۆشنبیران تاقیمێك بە خوێندکارانی زانکۆن کە خاوەن کەسایەتیەکی ڕەخنەگرانەن».

*عەلامە دێهخودا*: «ڕۆشنبیر کەسێکە بڕوای بە برەو پێدانی بیری نوێ و باتڵکردنەوەی ئایینی کۆنە. »

هەروەها بۆ ریز کردنی تایبەتمەندییەکانی ڕۆشنبیر، کۆمەڵێك دید و تێڕوانین هەیە کە دەتوانین بە ورد بوونەوە و ڕاڤەی ئەرکی ڕۆشنبیر ئەو فاکتۆرانە دەستنیشان بکەین:

١- عەقڵ گەرایی.

٢- ڕەخنە گری.

٣- شۆڕشگێر بوون.

٤- حەقیقەت خوازی.

٥- ئازادی خوازی.

٦- داهێنان.

بێشك خوێندەواری هەڵگری ئەو تایبەتمەندییانە ڕۆشنبیرە. هەڵبەت ڕۆشنبیر، کە زێد و کەژاوەی شار و زانستگایە و ئامادەیی خەباتێکی نە ئاسانە، بێ بەهرەمەندی لە ئەخلاقی سیاسی ناتوانێ ئەرك/ ڕساڵەتی خۆی بە دروستی جێبەجێ بکات.

ئەمن لەم وتارەدا بە چ شێوەیەك باسی زڕە ڕۆشنبیران ناکەم، چونکە ئەوان لە پێناو دابین کردنی بەرژەوەندی نەیاران بە هەرزانترین نرخ مامەڵە لە سەر قازانجی نەتەوە و نیشتمان ئەکەن.

**ڕۆشنبیر و دەسەڵات**

لە کۆمەڵگایەکی نادیمۆکراتی، نامەدەنیدا، کە هەموو کردارێك بۆنی ڕامیاری لە خۆ دەگرێ ڕۆشنبیر ناتوانێ سیاسی نەبێ و سۆفیانە بچێتە خەڵوەتی خۆیەوە و بۆ پاراستنی بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆی لە پرسە سیاسیەکان دووری

بگرێت. ئیدوارد سەعید وتەنی رۆشنبیر کەسایەتیەکی سیاسیە، چونکە لەگەڵ نووسین، هەڵوێست گرتندائیتر سەربە کۆمەڵگایە و وەك کەسیەتێکی سیاسی دەور دەگێڕێ.

لە سیستەمێکی توتالیتاردا، رۆشنبیر بە چ شێوەیەك نابێ ببێ بە بەشێك لە دەسەڵات، خاسە ئەگەر لەو سیستەمەدا، باسی نەتەوەی فەرمانڕەوا و نەتەوەی بندەست لە ئارادا بێ، چونکە دەسەڵاتی ئەویتر چ پرۆگرامێکی بۆ نەتەوەی بن دەست نیە و بە شایەتی مێژووی ژیانی بە هەموو لەونێك بیر لە دواخستن و چەوسانەوە دەکاتەوە و ئاپارتایدگەرایی دەسەڵات لە کردارەکانیدا خۆی دەنوێنێ.

ئەگەر رۆشنبیر نزیکایەتی بیر/ فیکری وەك پاساوی هاریکاری لەگەڵ بەشێك لە دەسەڵات هێنایەوە، ئەوە تەنیا بیر لە دەستەبەر کردنی بەرژەوەندی تاکەکەسی دەکاتەوە، چونکە ئەگەر دەسەڵات یان بەشێك لە دەسەڵات هاوفیکری رۆشنبیران با، ئیدی رۆژانە لەگەڵ ئەو هەموو جیاوازای و نەفرەت و.... نەئەژیاین! کە وایە ئەوە رۆشنبیرە کە هاو دەنگی ئەوە و بەس.

لێرەدا مامەڵەی رۆشنبیر و سیاسەت/ دەسەڵات، مامەڵەیەکی رەخنەگرانەیە. رۆشنبیر بە پشت بەستن بە زانیاری و تەیار بوون بە دیدێکی بێدارەوە و بە کەڵك وەرگرتن لە هێزی راڤە و ئانالیزی واقعیەت بۆ پاراستن و بەرگری لە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا و نەتەوەکەی زانستیانە و لۆژیکی یانە رەخنەکانی ئاراستەی دەسەڵات دەکات، یان بە کورتی بە هێزی قەڵەم یاخیبوونی شمشێر وەبیر دەسەڵاتدار و جەماوەر دێنێتەوە.

لە کۆمەڵگای ئێمە- کوردستانی رۆژهەلات- شۆڕشگێڕ بوون لە خەسڵەتە سەرەکیەکانی رۆشنبیرە، بۆیە روشنبیر دەبێ بە دوای حەقیقەت، عەدالەت، ئازادی دا بچێ و خەباتی بۆ بکات، نەك بۆ خۆی بێت بە دەمڕاستی دەسەڵات و پاکانەکاری کردەوە دژی گەلی، دژی ئینسانی‌یەکانی دەسەڵات لە کوردستانەکەیدا.

نایشمارمەوە ئەمن لە سەر ئەو باوەڕەم لە کۆمەڵێکی مەدەنی و سیستەمێکی دیمۆکراتی‌دا، رۆشنبیر دەتوانێ بەشداری ژیانی سیاسی بکات. ئەگەر ئاوڕێك لە سەردەمی ژیانی سیاسی دەسەڵاتی دکتۆر موسەدێق بدەینەوە، دەبینین زۆربەی کارگێڕانی پایەبەرزی دەسەڵات، رۆشنبیرانن و ئەمەش لەگەڵ رۆشنبیری و رۆشنبیر بووندا چ دژایەتیەکی نیە. بەڵام کۆمەڵی دیمۆکراتی لە کوێ و رژێمی فیتوا و وەحی و بەهەشت و درۆ لە کوێ؟!

دەورگێڕانی رۆشنبیران لە کۆمارە شەهیدەکەی کوردستاندا- ١٩٤٦ لە کەس شاراوە نیە. بەشداریکردنی جەماعەتێکی بەرچاو لە رۆشنبیران لە دەسەڵاتی کوردی باشوور بە هەموو ئاستەنگ و کەمایەسیەکانەوە نموونەیەکی دیکە ئەو ئیدعایەیە. کەوایە «تحریم»ی دەسەڵاتی داگیرکەر لە رساڵەتەکانی رۆشنبیرانی کوردە.

## رۆشنبیر و کۆمەڵگا

کۆمەڵگای کوردی رۆژهەلاّت ـ سەرەڕای دەوڵەمەندی سامان و...هتد رۆژانە شایەتی کۆمەڵێك قەیرانن، لەوانە:

١- قەیرانی بێکاری.

٢- قەیرانی ئەخلاق.

٣- قەیرانی ئێعتیاد.

٤- قەیرانی هەویەت.

٥- قەیرانی ئیسلامی سیاسی.

٦- قەیرانی دەروونی/ رەوانی.

بێگومان بەشێکی زوری ئەم قەیرانانە بۆ چەند واقعیەت دەگەڕێتەوە.

ئەلف) هەژاری فیکری، کەلتووری و... مرۆڤی کورد.

بێ) ساڵەها زاڵبوونی دەسەلاّتی گوێ لەمستی تەکیە و خانقا و مزگەوت.

جێ) دەسەلاّتی داگیرکەر.

چێ) کەمکاری لایەنە سیاسیەکانمان.

حێ) کەمکاری و کەمتەرخەمی رۆشنبیرانمان.

سەرباری ئەو قەیرانە کوشەندانەش، خودی کۆمەڵگاکە نادیمۆکراتی، نامەدەنی‌یە.

ئەمرۆ رۆشنبیران، وەك تەنیا هێزی ناوخۆیی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەل، دەبێ وەك باڵوێزانی ئاگایی و روناکی بۆ سارێژ کردنی قەیرانەکان خەبات بکەن و بیر لە چارەسەر کردنی ئازارەکانی کۆمەڵگا بکەنەوە و تیشك بخەنە سەر لایەنە نادیارەکان تاکوو پلەی وشیاری، ئاگایی خەڵکی بەرنە سەرێ و چیتر بە سانایی بە پیری پیلانەکانی داگیرکەرەوە نەچن و بە ئاسانی نەکەونە گێژاوی پلانەکانی زرە رۆشنبیرانی دەسەلاّت پەروەرەوە.

لە ئاوەها دۆخێکدا کە رۆشنبیران ئەرکی شۆڕشگێڕانەیان جێبەجێ دەکەن و وەك پشتیوان و هاورێ هێزی سیاسی، چەکداری نیشتمان دەبزوێن و خەوی خۆشی جەلادەکان دەشێوێنن و بێستانی کۆمەڵگا لە رەشەبا و ئافاتی پرۆگرامی قەسابەکان دەپارێزن و بەکارەتی فرۆفێڵەکانیان بە هێزی دلێرانەی خامە و قەڵەم دەرووخێنن و گۆرانی بێکەرامەتیان دەچرن.

ڕۆشنبیری ڕاستەقینە، ناتوانێ بەردەوام قەیران و ئازارەکان ببینێ و کەچی خۆی لێ غافڵ بکات و بیر لە چالاکی لە گەرووی ئەژدیهای پلاستیکی نەکاتەوە. کۆمەڵگای هەزاران شەهید ئاراستەی خەبات کردووە ئەمڕۆ دەیان و سەدان ڕەشەبا و شالاوی شیرو فیتوای دیتووە و لە هەموو کەلێن و ڕەهەندێکەوە هەوڵی لێڵکردن و دواخستن و وێرانبوونی دراوە، بۆیە تینووی خەبات و چالاکی شێلگیرانە، بوێرانە و شۆڕشگێڕانەی ڕۆشنبیرانەیەتی.

**ڕۆشنبیر و زڕە ڕۆشنبیر**

زڕە ڕۆشنبیر یان بەواتایەکی پوختتر جاشیزمی فیکری ئەمڕۆ وەك پەتایەك بە ناو دەمارەکانی نیشتماندا دەگەڕێ و دەسەڵات هاوکات ساپۆرتی ئاسایشی، مادی پڕوپاگەندەیی و...هتد دەکات و زیاتر لەوەش بۆ پەیوەندیکردن بە دەسەڵاتی نیوە چڵی کوردی باشوریش ئاسانکاریان بۆ دەکات و نیهایەتی تێکۆشانی پیشاندانی ئەوانە وەك نوێنەرانی ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵات و لەو پێناوەش بە هەموو جۆرێك بەرجەستەیان دەکاتەوە تاکوو کاڵای پڕ بە باڵای ئەلتەرناتیڤی لە بەریان بکات، بۆ ئەو مەبەستەش کۆنگرە و سمینار و.. لە ئێختیار دەنێ و...هتد.

پرسیار ئەوەیە، دەسەڵاتی سەرە ڕۆ لەم خزمەتکردن و بەخێو کردن و هێزمەند کردنەی میکانیزمی جاشیزمی فیکری چ ئامانجێکی هەیە، دەتوانم بە کورتی بیلێم:

١- شێواندنی شوێنکات و پێگەی ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینە.

٢- چەواشە کاری.

٣- لاواز کردنی هێزی ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینە.

٤- لێڵکردنی کەش و هەوای کۆمەڵگا.

٥- دەمڕاست بوون بۆ دەسەڵات لە کاتی پێویستدا.

٦- فریودانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی.

٧- بەهرەمەندی لەوان وەك نیشانەی هەبوونی ئازادی، بەرانبەری لە کۆماری ئیسلامیدا لە کۆڕ و کۆ بوونەوە نێو نەتەوەییەکان. کە وایە زڕە ڕۆشنبیر، جاشیزمی فیکری سەرقاڵی بازرگانی کردن بە شەهید، کەلتوور و... هتد. نەتەوەکەمانن و دەیانەوێ بە کەرامەتی نەتەوەکەمان مامەڵە بکەن و قەد بیر لە بەرژەوەندی نەتەوەیی ناکەنەوە چونکە فیکر و ڕۆحیان دوورە لە نەتەوایەتی و بەرژەوەندییەکانی بە ناشوکری نەبێ، پەتای جاشیزمی فیکری لە هەموو میدیا، ناوەند، ئەنستیتۆیەك بەهرەمەندە!! و دەرگای بارەگای دەسەڵاتی کوردیش لە ڕوویان ئاوەڵایە،چما هاوسەنگەرانی دێرینی سامی عەبدوالرەحمان و برایم ئەحمەدن!!

لە بەرانبەر ئەواندا، رۆشنبیری راستەقینە سەرقاڵی خەباتێکی دژوار بۆ سەقامگیر کردنی یەکسانی، ئازادییە و خەونەکانی بۆ نەتەوەکەیەتی و چالاکی لە پێناو دابین کردنی مافی رەوای نەتەوەکەی دایە و دوورە لە هەر چەشنە ساپورتێکی دەسەلاَت و زۆرجاریش بە خەمی نانەوە دەتلێتەوە بەلاَم کەرامەت و رساڵەتەکەی بە دینار و دۆلاری سۆڵتان نافرۆشێ!

بە باوەڕی من، رۆشنبیرانی راستەقینە، دەبێ بە هەموو جۆرێك «تحریم»ی زرِە رۆشنبیران بکەن و ئیزن نەدەن خۆیان لە ناو پێستی حەقیقەت خوازی و... هتد. حەشار بدەن و پەردە لە سیمای چەپەڵ و رەش و نەگریسیان هەڵدەنەوە با لایەنەکان و کۆمەڵگا زیاتر لە ماهیەتی ئەهریمەنیان تێ بگەن.

## رۆشنبیرانی کورد یەك گرن

بەداخەوە ناتەبایی ناو لایەن، پارتە کوردستانیەکان گۆڕەپانی کایەی رۆشنبیر-یشی گرتۆتەوە. هەر کەسە و سازی خۆی دەژەنێ هەر کەسە و کەسێتر تاوانبار دەکات و لە ئاوەها بارودۆخێکیشدا، جاشیزمی فیکری سوودی خۆی هەڵدەکرێنێ و دڵی سەردار و سالارەکەی شاد دەکات و «گۆرانی» بۆ «مەستی» درۆزنانەی دەچڕی.

دەسەلاَتیش زور خۆشحاڵە بەو وەزعە ئاوی، لێڵ و ماسیگرتن، چ لەوە خۆشتر؟!

چارە چییە؟ درێژەدانی وەزعی ئێستا و زەمینەی باشتر، زیاتر بۆ چرۆ دەر کردنی جاشیزمی فیکری خۆشکردن! یان بیر کردنەوە و دارِشتنی پرۆگرامێکی نەنووسراو یان نووسراو.

بە بۆچوونی من، ئەمرۆ قەڵەمەکان، زوو یەکتر دەناسنەوە، بەم هێماوە دەکرێ لە ژێر دروشمی ستراتژیکی «رۆشنبیرانی کورد یەکگرن». هێزەکان کۆ بکرێنەوە و هەزینەی خەباتی فیکری کەم بکرێتەوە و لە هەمان کاتدا ئەو هێزە مەزنە خەونەکانی جاشیزمی فیکری دەووژێنێ و دەتوانێ گوشار بخاتە سەر دەسەلاَت و دەسەلاَت ناچار بە ولاَمدانەوە بکات.

یەکگرتنی رۆشنبیران، دەتوانێ موژدەیەك بە کۆمەڵگا بدات و لە هەمان حاڵدا وەك ئۆلگوویەك بۆ دیکە توێژ و چینەکانی کۆمەڵگاوە حەسێب بێ.

**سەرچاوەکان:**

**١- ادوارد سعید، حمید عضدانلو، نقش روشنفکر، چاپ دوم ١٣٨٢، نشر نی، تهران.**

**٢- داریوش آشوری، دانشنامه سیاسی، چاپ دهم ١٣٨٣، انتشارات مروارید، تهران.**

**٣- ژاک لوگوف، حسن افشار، روشنفکر در قرون وسطی، چاپ اول ١٣٧٦، انتشارات مرکز، تهران.**

٤- احمد خلیلا... مقدم، مبانی اندیشه سیاسی، چاپ اول ۱۳۷۸، انتشارات تهران.

٥- وەرزنامەی زریبار، ژمارەی ٥٤، پایزی ۱۳۸۳، مەریوان.

٦- حمید عضدانلو، گفتمان و جامعه، چاپ اول ۱۳۸۰، نشر نی.